# بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی راگەیاندن لە تەنگژەکاندا

## (شەڕی هەرێمی کوردستان و "داعش" بە نمونە)

**هێرش رەسوڵ**

ماستەر لە ئێتیک و یاسای راگەیاندن، دکتۆرا لە کۆمەڵناسیی راگەیاندن

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**دەروازە**

ئێتیکی کاری راگەیاندن یەکێکە لە بابەتە هەستییار و گرنگەکان، وەکچۆن هاوسەنگی لە نێوان **ئازادیی میدیاکار** لە لایەک، و **ئازادیی تاك و كۆمەڵ** لە لایەکیترەوە رادەگرێت. بۆیە سەرنجدان و تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، کەوا پتر لە زەمینەی واقیعی پیادەکردنی پیشەکەدا دێتەدی، ئەرکێکی لەپێشینەی پسپۆڕ و ئەکادیمستانە، بە تایبەت ئاستی رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەکە لە بارودۆخی **تەنگژە** (قەیران)و هەلومەرجە ئاڵۆز و هەستییارەکاندا.

بنەماکانی ئێتیکی پیشە، وەك پێوەرگەلێکی زانستی لەپێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی پیشەییدا، رۆڵی دیار لە بواری میدیادا دەگێرن، و کاتێك میدیاکار لە ماوەی پەیڕەوکردنی پیشەکەیدا یەکێك لەو پێوەرانە فەرامۆشدەکات، یان وەك پێویست لەبەرچاوینەگرێت، کاریگەریی نەرێنی دەکاتەسەر ئەرک و پەیامەکانی.

ئەم پەیپەرە، کە لە چەند روێکەوە بایەخی تایبەتی هەیە، لەوانە: لە روی ئێتیکی کاری میدیاییەوە، بەوپێیەی رەچاونەکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشە بە گشتی و **بەرپرسیارێتی** (المسؤولية- ***Responsibility***) بە تایبەت، لە راگەیاندنی کوردیی هەرێمی کورستاندا بوەتە بابەتێکی بەردەوام هەستپێکراو و جێسەرنج. هەروا سەبارەت بە نمونەی پەیپەرەکەش، پەیوەندیی راستەوخۆی بە دۆخی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە دوچاری شەڕێك بۆتەوە لەگەڵ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، کە بە **"داعش"** ناسراوە.

**ئێتیکی کاری راگەیاندن**

مادام ئیتر راگەیاندن-یش یەکێکە لە پیشەکان، و سەرچاوەی سەرمایەی مادی و مەعنەوییە بۆ پیشەکارانی، کەواتە هەڵگری **"بنەماگەلێکە،** میدیاکاران **ئارەزومەندانە** و لەسەر **بنەمای ویژدانیی خۆیان،** لە میانی

پیادەکردنی پیشەکەیاندا ڕەچاویدەکەن، بەو ئامانجەی بگەنە **ئاستێکی باڵای پیشەیی"**، بەمەش دەوترێ **(ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن)**.

## بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی ڕاگەیاندن

بەرپرسیارێتیی ڕاگەیاندن یەکێکە لە بنەما جێبایەخەکانی **ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن**، کە پێویستە میدیاکار لە میانی پیادەکردنی پیشەکەی و لەپێناو پێشکەشکردنی ئەدایەکی باش، ڕەچاوی بکات.

**(بەرپرسیارێتیی ڕاگەیاندن)**، وەک دەستەواژەیەکی زانستی، سەرەتا لە هاتنەکایەی **(تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی)** لە کایەی ڕاگەیاندنەوە بەم مانایەی ئەمڕۆ گەڵاڵەبو.

لە کۆتاییەکانی دوەمین جەنگی جیهانیدا، و دوای دەرکەوتنی ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر **(تیۆری لیبراڵی)** لە میدیادا، **(لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەنوسی)** پێکهێنرا. ئەو لیژنەیە، لە ساڵی 1947دا پاش تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، سەرنجەکانی سەبارەت بە ڕۆژنامەنوسیی ئەمەریکی لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی **(ڕۆژنامەنوسییەکی ئازادو بەرپرسیار)** بڵاوکردەوە.

**(تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی)**ی ڕاگەیاندن هەندێ چارەسەریشی پێشکەشکردوە، لەوانە: ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنوسی، لە ڕێگەی گەڵاڵەکردنی **پەیماننامەی شەرەف** (شەرەفنامە)ی پیشەیی، بۆ پاراستنی ئێتیک و ئازادیی ڕۆژنامەنوسی، لەگەڵ دەرچواندنی **یاسای پێویست** بۆ ڕیکخستنی پێشەکە و سنوردارکردنی پاوانخوازی، هەروا دامەزراندنی **(ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەنوسی)** و دانانی سیستمێك بۆ **کۆمەککردنی ڕۆژنامەکان**.

## بایەخی بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی ڕاگەیاندن

گرنگیی بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی میدیا و میدیاکاران لە تایبەتمەندی و کرۆکی مانای **(بەرپرسیارێتیی ئێتیکی و ویژدانی)** خۆیەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لە تەوەری پێشوی باسەکە، دەتوانین دیارترین **سیماکانی بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی ڕاگەیاندن** لە چەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە:

1. ڕەچاوکردنی **ڕاستی و دروستی** لە خستنەڕوی هەواڵ و زانیارییەکاندا.

2. **وردی** لە پێشکەشکردنی داتا و زانیارییەکاندا.

3. **بێلایەنی و سەربەخۆیی پیشەیی** لە نمایشکردنی بۆچون و تێڕوانینەکاندا.

4. ڕاگرتنی **هاوسەنگی** لە نێوان گۆشەنیگا جیاوازەکان و ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەبەردەم ئاراستە جیا جیاجیاکاندا.

5. خۆبەدورگرتن لە **بڕیاردانی پێشوەخت** و لەبەرچاوگرتنی **بابەتیبون** لە خستنەڕوی زانیاری و بۆچونەکاندا.

6. بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی بابەتییانە، و هەنگاونان بەرەو **(دەسەڵاتی چوارەم)**، ئەویش لە رێگەی چاودێریکردنی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە.

7. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەوی **هاوبەرپرسیارێتی** (بەرپرسیارێتیی هاوبەش) لە نێوان تاک و گروپەکانی کۆمەڵدا.

8. کارکردن لەسەر **بەرژەوەندیی گشتی** و **خزمەتکردنی هاونیشتمانییان** و دۆزە جێبایەخەکانی تاک و کۆمەڵ.

9. دورخستنەوەی هەر زیان و مەترسییەک لەسەر **ژیان و پانتایی و سیستمی گشتی** و **ئاسایشی نەتەوەیی** و **نیشتمانی** و **ئاشتیی کۆمەڵایەتی**.

10. قوڵکردنەوەی گیانی **هاونیشتمانیبون**.

11. رەچاوکردنی **لایەنی مرۆیی**، و دورکەوتنەوە لە تۆمەت و **ناوزڕاندن**، پشێوی و **ئاژاوە**، هاندان بۆ **تاوان، توندڕەوی، توندوتیژی، دەمارگیری، رەگەزپەرستی، جیاکاریی** (توخم، زمان، رەچەڵەک، نەتەوە، ئاینی، ئاینزا، بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی و سیاسی).

## تەنگژە.. چەمک و پێناسە

تەنگژە یان قەیران، **روداوێکی مەترسیدارە**، کە کاریگەریی دەبێت بەسەر ئاسایشی مرۆڤ یان ژینگەکەی، یاخود ئابڕوی دامەزراوەکەوە، و دەشبێتەهۆی بەلاڕێدابردنی کاری دامەزراوەکە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بڕیاری لێدراوە.

**(ئینساکلۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان)** پێیوایە: "تەنگژە، پەیدابون و روودانی **گرفتێکی لەناکاوی مەترسیدارە**، لە نێوان دو لایەن یان زیاتردا".

یان خاڵی وەرچەرخانە لە هەڵوێستێکی کتوپڕدا، کە کەشێکی نائارام دروستدەکات، و دەبێتەهۆی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکان، و بونیادە بنەڕەتییەکان، بەمەیش چەند ئەنجامێکی لێدەکەونەوە، کە ئارەزومەند نین لە کەوتنەوەیان، و هەمو ئەمانەش لە ماوەیەکی کورتدا دەبن، کە پێویست بە بڕیاردانی یەکگرتو دەکات بۆ روبەروبونەوەی، دەنا دەبێ پێشبینیی ئەگەری مەترسیداری لێبکەین.

## بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی راگەیاندن لە تەنگژەکاندا

لە تەوەرەکانی پێشودا، هێمامان بۆ چەمک و واتای بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی راگەیاندن کرد بە شێوەیەکی گشتی و لە بارودۆخە ئاساییەکاندا، بەڵام کاتێک باسی ئەوجۆرەی بەرپرسیارێتی دەکەین لە هەلومەرجە نائاسایی و هەستییار و ئاڵۆزەکان و کاتی تەنگژەکاندا، ئەندازەی رەچاوکردنی بەرپرسیارێتییەکە زیاتر دەبێت.

مادام، تەنگژە (ئیدی هەر جۆرێکی بێت) خۆی دۆخێکی نائاسایی و ئاڵۆز و هەستییارە، کەواتە ئەرکی رەچاوکردنی بەرپرسیارێتییەکانیش لەوکاتەدا قورستر دەبێت، بە تایبەت بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی **ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری** (وسائل الاتصال الاجماهيري)، ئەمەش بە هۆی رۆڵی هەریەک لەو هۆکارانە لە کۆمەڵدا، و کاریگەرێتییان لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانین و ئاراستە و رەفتاری تاکەکان.

لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتیی ئێتیکی و ویژدانیی میدیا لە بارودۆخی شەڕ و تەنگژە سەربازییەکاندا، خۆی دەبینێتەوە لە: هەڵگرتنی **بەرپرسیارێتیی نیشتمانی، بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی**. یان وردتر، رەچاوکردنی هەریەک لە: **ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی، سیستمی گشتی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی**... تاد.

بە مانایەکی تر، لە هەلومەرجی شەڕ و تەنگژەکاندا، دەبێت میدیا پتر **بەرپرسیارێتیی هاوبەش** هەڵبگرێت، لەو پێناوەشدا **راستگۆیی، وردی، بابەتیبون، بێلایەنی، هاوسەنگی** نەکاتە پاساو بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی ئێتیکی، چونکە رەنگە دەرخستنی هەندێ فاکت لەوکاتانەدا زیانی گەورە لە روی جیاوازەوە بگەیەنێت. لەو ئاستانەشدا شاردنەوەی، یان لانیکەم دواخستنی هەندێ **راستی** خۆی دەبێتە کارێکی ئێتیکی، چونکە **"ئاشکراکردنی راستی لە هەمو ئانوساتێکدا کارێکی ئێتیکی نیە"**.

هەروا، **پێشدەستی (سەبق)ی رۆژنامەنوسی** نابێت بکرێتە پاساوی رەچاونەکردنی بەرپرسیارێتی. **وردی**-یش لەو بارانەدا، ئەوەیە خزمەتی ئەجێندای (**بەرامبەر**) نەکەیت.

**بابەتیبون** و **بێلایەنبون** و **هاوسەنگبون** لە وەها بارودۆخێکدا ئەوە نیە کە وەک کەناڵێکی میدیایی پشت بکەیتە نیشتمان و هاونیشتمانییانت، لەبەرئەوەی ئەو ساتەوەختە تۆ هەرگیز **بابەتی** و **بێلایەن** و **هاوسەنگ** نیت، بەڵکو لایەنگیری لایەنی مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەییت. باش درکت بەو راستییەش کردوە، کاتێ (**بەرامبەر**) رودەکاتە نیشتمانەکەت دڵنیابە نە تۆ و نە هیچ کەسێک نابوێرێت، جیاوازی لە نێوانتاندا ناکات.

ئەگەر سادەتر بنوسین، کاتێک **"داعش"** بە خۆی و شمشێرەکەیەوە دێتە کوردستان، پێش کوشتنمان داوای ناسنامە لە کەسمان ناکات، لێمان ناپرسێت ئێمە چیین و چۆن بیردەکەینەوە، یان پرسیاری ئەو کەناڵە راگەیاندنەمان لێناکات کە کاری تێدادەکەین، یان تەماشای دەکەین. بەڵکو **بە یەک چاو سەیری هەمومان دەکات!**

کەواتە لەو وادەیەدا، **بوێری** و **ئازایەتی** ئەوەیە میدیاکار لەگەڵ خەم و ئازارەکانی هاونیشتمانییانی بێت، **ئازادیی راگەیاندن** بخاتە خزمەتی ئێتیکی پیشەکەیەوە، لە کاتێکدا **ئازادی** خۆیشی **بەرپرسیارێتییەکی ئێتیکییە**. بە مانایەکی دی، **بایەخبەندییەکی نوێ** و **گونجاو** لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا، واتە ئەو دۆخەی کە تەنگژەکە بەرهەمیهێناوە، بەرجەستەبکات.

هەروا نابێ ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، کە (**میدیای نیشتمانی**) بە هەبونی گیانی **بەرپرسیارێتی**، زمان و عەقڵییەت و بیرکردنەوە و دیالۆگ، و پلان و بەرنامەی ورد و **ڕەفتاری پیشەیی** دێتەبەرهەم.

ئەوەی ئەو بەرپرسیارێتییەی میدیا دەیخاتەسەر شانی میدیاکار، هۆشداریدانە سەبارەت بە (**جەنگی دەرونی**)ی لایەنی (**بەرامبەر**) و ئاگادارکردنەوەی هاونیشتمانییان لە ئاماژە و ئامراز و دەرکەوتەکانی ئەو جەنگە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکیتریشەوە، نەچونەژێرکاریگەریی ئەو جەنگە دەرونییە و **ڕێکلامکردن** بۆ (**بەرامبەر**) و پەیام و بەرنامەکانی.

هەر لەوبارەیەوە، ئاگاداربونی وردی **پرۆپاگەندە** (الدعاية) و **واتەوات** (الشائعة)ەکانی (**بەرامبەر**) و تێگەیشتن لێیان، هەروا دروستکردنی دیوارێکی پتەوی میدیایی، لە ڕێگەی پەیامگەلی جۆراوجۆر، بە زمان، شێواز، فۆرمی جیاوازەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەیان، تاکو ئەو **هزرەوێنە** (الصورة الذهنية)ی (**بەرامبەر**) هەوڵی دروستکردنی دەدات تێکبیشکێنێ، ئەگەر **ئەرێنی** بێت بیکاتە **نەرێنی**، و بە پێچەوانەشەوە. چونکە **دۆخی هەستییار و تایبەت**، دەمی تەنگژەکان، جا ئیتر سیاسی بێت، یان تەناهی (ئەمنی)، سەربازی، ئابوری، سەربازی، تەندروستی... تاد، جۆرە باردۆخێکن کە **جێی مەترسیین**، و لەبارن بۆ بەرپاکردنی (**جەنگی دەرونی**)، و تەشەنەسەندنی (**پرۆپاگەندە**) و (**واتەوات**)ەکان، کە زۆرتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خۆی دەخزێنێتە نێو دەرونی تاکەکانەوە و **کاریگەریی گەورەی نەرێنی** لەسەر جێدێڵێت.

هەمو ئەمانەش واتای ئەوە نیە، ئیتر ڕاگەیاندن لە بەجێهێنانی ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بکەوێت، بەڵکو دەکرێ، و پێویستییەکی ئێتیکییشە بۆ ماوەیەکی کاتی، تاکو ئەهوەنبونەوەی دۆخی تەنگژەکە، هەڵیانپەسێرێ و بەوجۆرە مامەڵەبکات. ئەمەش داخوازییەکی گەورە و نامۆ نیە، تەنانەت لە وڵاتانی خاوەن ئەزمون و کەلتوری گەورەی دیموکراسیشدا ئەو ڕەچاوکردنە هەبوە و هەیە. بۆ نمونە: لە **ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا**، لە شەڕی دوەمی کەنداودا، لە ڕێگەی **گەڵاڵەنامەیەکی 10 خاڵی**یەوە، (**پێنتاگۆن**) هێڵی کارکردنی بۆ ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە داڕشت، کەوا گەڵاڵەنامەکە بە گشتی جەختکردنەوە بو لەسەر: [سەپاندنی **چاودێرییەکی تۆکمە**، **"بەئەمەریکاییکردن"**ی گوتاری میدیایی، سەپاندنی بنەماکانی (**هاونیشتمانیبون**، بەرگریکردن لە **بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان** و **ئاسایشی نەتەوەیی**)، هەڵپەساردن و دواخستنی ئەرکەکانی (**بنکۆڵکاری و بەدواداچون و لێپرسینەوە و چاودێرکاری**)یە وروژێنەرەکان و کاڵکردنەوەیان، لەباربردنی هەر هەوڵدانێك بۆ (**فرەگوتاری**)، بەرجەستەکردنی پرۆسەکانی تەواوکاری لەنێوان ئامرازەکانی ڕاگەیانندا، **سنورداركردنی بەرکەوتنی جەماوەر** بە جەنگ و دورخستنەوەی لە **خۆتێهەڵقورتاندن** لە وردەکارییەکانی و ڕادەربڕین دەربارەی، سازاندنی (**وێناکردنێکی سپی**) سەبارەت بە جەنگ و پەراوێزخستنی تەواوی (**چەمکی قوربانی**) و دورخستنەوەی کامێرا لە (**خوێن**)، بایەخدان بە (**فۆتۆ**) و دورکەوتنەوە لە نمایشکردنی (**ڤیدیۆ**) مەرگەساتاوییەکانی جەنگ، بایەخدان بە **کورتەی هەواڵ** و زۆر پەخشکردنەوەی، بە مەبەستی گەیاندنی سەرکەوتنەکانیان لە گۆڕەپانی جەنگدا و بەرەنگاربونەوەی **جەنگی دەرونی** و **پرۆپاگەندە**کانی بەرامبەر.]

**ئاماژەکانی نابەرپرسیاریتیی راگەیاندنی کوردی لە دۆخی تەنگژەی "داعش"دا**

بۆئەوەی بتوانین وردتر هەڵوەستە لەسەر ئاماژەکانی نابەرپرسیاریتیی راگەیاندنی کوردی (لە روی ئێتیکییەوە) لە دۆخی تەنگژەی "داعش"دا، لێرەدا **چەند نمونەیەکی زیندو** دەخەینەڕو: [**پێشێلکارییەکانم بە وێنە و بەڵگەوە لای خۆم تۆمارکردون، بەڵام لەبەر پاراستنی ئێتیکی نوسین ئاماژە بە ناوی میدیاکان نادەم**].

- پاش کۆنترۆڵکردنی **موسڵ** و پەلاماردانی چەند ناوچەیەک لە لایەن **"داعش"**ەوە، کەناڵێکی ئاسمانی چاوپێکەوتنێکی راستەخۆی لە هەولێرەوە لەگەڵ سەرکردەیەکی ئەو رێکخراوە سازکرد، سەرەنجام چاوپێکەوتنەکە **رێکلام** و **جوانپیشاندان** و **بەپاڵەوانکردنی "داعش"** و **نیەتپاکی**یانی کردە **"پەیام"**ێک بۆ کورد و گەلی کوردستان، و کەناڵ و پێشکەشکارەکە نەیانتوانی چەند پرسیارێکی جددی و جێبایەخی روبەڕوبکەنەوە و لەسەر هەڵوێست و رەفتارەکانی **ئیحراجی بکەن**.
- لە سەرەتای شەڕەکەدا، راگەیاندنی چەند حزبێک، دور لە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، بابەتەکەیان بە حزبی و بە تاکەکەسی دەکرد و لە بری ناوی **"هێزی پێشمەرگەی کوردستان"** ناوی **"هێزی پێشمەرگەی فڵان حزب و فلان کەسێتی"**یان بەکاردێنا و ناکۆکییەکانییان زەقدەکردنەوە، خۆیان بە خاوەنی سەرکەوتنەکان دەکرد و خۆشیان لە شکستەکان بێبەری دەکرد.
- لە رۆژەکانی سەرەتای کۆنترۆڵکردنی **شەنگال** لە لایەن **"داعش"**ەوە، میدیاکانی هەرێم **بێپلانی** و **نائامادەیی زۆر**یان پێوەدیار بو، زۆر **شڵەژابون**، هۆکارەکەشی بریتیبو لە نەشارەزاییان دەربارەی راگەیاندن و تەنگژەکان، و نەبونی **پلان** و **سیاسەتی رۆشنی میدیایی**.
- لە بەرایی شەڕەکەدا، **راگەیاندنی حزبە ئیسلامییەکان** بە هیچ هەواڵ و کارێکی رۆژنامەنوسییان لەسەر روداوەکانی **شەنگال** و **زوممار** و روبەڕوبونەوەکانی پێشمەرگەو چەکدارەکانی **"داعش"** نەدەکرد. ئەوکاتە **لە سایتێکیاندا** تەنها چاوم بە **دو بابەتی شەرمن** کەوت، ئەوانیش بەیاننامەی رەسمی بون، یەکەمیان دەربارەی مەسیحییەکان و دوەمیشیان سەبارەت بە روخاندنی مەزاری یونس پێغەمبەر، کە زۆر شەرمنانە نوسرابون و تێرۆیستانی "داعش" بە **"گروپە چەکدارییەکان"** ناودەبات.
- یەکێک لە پێشێلکارییە زەق و چەندبارەکانی تیڤییەکانی هەرێم بریتیبو لەوەی، کاتێک **پەیامنێری کەناڵێک** بۆ خستنەڕوی زانیارییەکانی لەبەردەم کامێرادا رادەوەستا، پڕ بە شاشەکە فەرماندە و پێشمەرگە (بە جلوبەرگی جیاوازەوە) و هاونیشتمانی لە دەوری پەیامنێرەکە کۆدەبونەوە، و قەرەباڵغیان دروستدەکرد. ئەم دیمەنانەش، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبونە بەڵگەیەک بون لەسەر بێبەرنامەیی و ناڕێکخراویی هێزی پێشمەرگە، و پیشانی (بەرامبەر) و هەمو دنیا دەدران.
- هەندێ **سایت**، لەپێناو زۆربونی سەردانیکەرانیان و دواتر بەدەستهێنانی قازانجی مادی، هەڵپەی بڵاوکردنەوەی **گرتە ڤیدیۆییەکانی "داعش"**یان دەکرد، تەنانەت هەندێجار لە کاتێکدا سایتی **(یوتیوب)**یش ڤیدیۆکەی دەسڕییەوە، بەڵام سایتە کوردییەکان کە پێشتر ڤیدیۆکەیان کۆپیکردبو، **دوبارە بڵاویاندەکردەوە**.

- شەوێک لە کەناڵێکی ئاسمانییەوە، گوێبیست و بینەری گفتوگۆی بێژەری هەواڵەکان و پەیامنێرێک بوین، کەوا بێژەرەکە پرسیاری پلانی هێرشی هێزی پێشمەرگەی لە پەیامنێرەکە کرد، پەیامنێرەکەش بێ هیچ هەڵوەستەیەک گوتی: بەڵێ ئەمشەو هێرشدەکەن و **سەعاتی سفر**یان داناوە. بێژەر پرسیار لە پەیامنێر دەکات: **سەعاتی سفر** کەیە بەپێی زانیارییەکانت؟ پەیامنێر: بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (.........) کەوتون، سەعات ٣:٣٠ خولەک. بێژەر: ئێستا سەعات دوانزەی شەوە، یانی سێ سەعات و نیوی تر پێشمەرگە هێرشدەکاتە سەر **"داعش"**. پەیامنێر: بەڵێ سێ سەعات و نیوی تر پێشمەرگە هێرشدەکات**!**
- لە چەند مانگی سەرەتای شەڕەکەدا، کەناڵێکی ئاسمانی، بەرامبەر گیانلەدەستدانی **پێشمەرگە** لە بری دەستەواژەی **"شەهید"**، دەستەواژەی **"قوربانی"** بەکاردێنا، ئەمەش بەو پاساوەی **"شەهید دەستەواژەیەکی ئاینییە"**، بۆیە ئەوکاتە لە وتارێکدا بە ناونیشانی: **("شەهید" یان "قوربانی"؟)** رەخنەم لەو بەکارهێنانە گرت و نوسیم: "راستە، دەستەواژەی 'شەهید' لە بنەڕەتدا مۆرکێکی ئاینی هەیە، و بەو کەسە دەگوترێت کە لەپێناو خوا و گەیاندن و سەرخستنی پەیامی ئاینەکەدا بەرامبەر 'بێباوەڕان' گیانی خۆی دەسپێرێ، و بە گوزارشتە دینییەکە 'شەهادەت' وەردەگرێت. یان بە خوێنی خۆی شاهیدی دەدات و رێز و پایەیەکی تایبەتی هەیە. بەڵام هاوکات دەزانین، ئەم دەستەواژەیە تەنها لەم بۆتەیە نەماوەتەوە، بەڵکو بە تێپەڕینی کات مانای تریشی وەرگرتوە. چەمکی 'شەهید' لە فەرهەنگی گشتییدا، بەو کەسانەش دەگوترێت کە لەپێناو بەرگریکردن لە خاک و وڵات و نیشتمان، گیانی خۆیان دەبەخشن. واتە دەستەواژەکە مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییشی وەرگرتوە، و بوەتە بەشێک لە کەلتوری شۆڕشگێری، بە تایبەت لای کورد و لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا. هەروا، ئەگەر پاساو بۆ بەکارنەهێنانی وشەی 'شەهید' و بەکارهێنانی وشەی 'قوربانی' باکگراوندە ئاینییەکەی وشەی 'شەهید' بێت لە لایەن میدیاوە، ئەی خۆ ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە وشەی 'قوربانی'یش خۆی خاوەن رەگوریشەی قوڵی ئاینی، و زادەی جیهانبینیی ئاینییە، و ئیدی لەوێوە هاتۆتە نێو کەلتور و سیاسەتەوە؟".
- رادیۆیەک خەریک بو جارێکی دیکە **ئاوارەکانی چیای شەنگال** بکاتەوە قوربانی و دوچاری مەترسیی گەورەیان بکاتەوە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی ناڕاست، گوایە پێشمەرگە کۆنترۆڵی شارەکەی کردۆتەوە.
- رۆژنامەیەک لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی ساڵی رابردو، لە مانشێتی سەرەکییدا نوسیبوی: **"......... شوێنی 100 ئێزدی دابڕاو ئاشکرادەکات"**، لە ناواخنی هەواڵەکەشدا ئاشکرایکردبو، 100 ئێزدی لە بەشی **رۆژئاوای چیای شەنگال کە بە قەندیل ناودەبرێت،** ماوەی دو هەفتەیە لە خەڵکی و جیهانی دەرەوە دابڕاون و تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێک نەیانگەیشتونەتێ.
- سایتێک لە هەواڵێکی بە پەلە و هاوپێچ بە وێنەیەکەوە نوسیبوی: **"بۆردومانی داعش لە جەلەولا دەستیپێکرد"**، کە ئەمە دواتر بوە هەوێنی تویتێکی "داعش" خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)دا، و وەک بەڵگەیەک بۆ "سەرکەوتن و قارەمانێتی"ی خۆی بەکاریهێنا و نوسی: **"سایتی رۆژنامەی کوردی (..........) لە هەواڵێکی بە پەلەدا کشانەوەی تەواوی پێشمەرگەی لە ناحیەی کوردیی جەلەولا و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە پشراستدەکاتەوە"**.

- کەناڵێکی ئاسمانی، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی **مەخمور** لەلایەن پێشمەرگەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ هاونیشتمانییەک سازدەکات کە لە کاتی پەلامارەکەی "داعش"دا شارەکەی جێنەهێشتوە، و باسی هەڵوێستی **"مرۆڤدۆستانە"**ی **"داعش"** و ئەمیرەکەیان دەکات، گوایە نوێژی جەماعەتی لەگەڵ کردون.
- وێنەی **پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵێکی ئاسمانی** بڵاوکرایەوە، کە بە هێلەگ و مایک و لۆگۆی کەناڵەکەیانەوە، دور لە ئێتیکی پیشەکەی، **مامەڵەی نامرۆییانە** لەگەڵ **تەرمی چەکدارێکی "داعش"** دەکەن.
- وێنەی **پەیامنێرێکی دیکە** بڵاوکرایەوە، کە ئەویش **لە بۆتەی پیشەکەی دەرچوبو**، چەکی کردبوە شانی وەک **پێشمەرگە** خۆی نمایشکردبو.
- لە میانی راپۆرتیکدا، کەناڵێکی ئاسمانی، بە فۆنتی گەورە لەسەر شاشەکەی نوسیبوی: **"ژنێکی پێشمەرگە: چەکدارانی داعش بەرگرییەکی سەخت دەکەن"**.
- کەناڵێکی ئاسمانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مەلا کرێکار)ی ئەمیری پێشوی ئەنسارولئیسلام سازکرد، کە تازە لە زیندانی وڵاتی نەرویج ئازادکرابو، ئەوەی ناپیشەیی بو لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوە بو، کەوا کەمترین پرسیاری جددی و راستەخۆی لە وەڵامەکانی ناوبراو دروستکرا، هەروەک پێشتر لە وتارێکدا بە ناونیشانی: **(NRT) لە چاوپێکەوتنەکەی (مەلا کرێکار)دا، بۆ سەرکەوتو نەبو؟** چەندین سەرنجم خستۆتەڕو، لەوانە: "(مەلا کرێکار) شاشەی کەناڵەکەی ئیستغلالکرد بۆ بانگەشەکردن بۆ خۆی و هزر و بەرنامەکەی". "(مەلا کرێکار) زۆر ئاگایانە توانی بەرنامەکە کۆنترۆڵ بکا و لەوێشەوە تەواوی کەناڵەکە لە خزمەتی بەرنامەی خۆی بەکاربهێنێت، بانگەشە بۆ **هزری توندوتیژی** و **پەیامی توندڕەویی ئاینی** بکات، بۆ نمونە کە باسی 'پابەندبونی کەللەڕەقانەتر' دەکات لەسەر دینەکەی، یان کە دەڵێت 'یەکێ کە جنێو بدات، کە دەسەڵاتم هەبو کەتەرێ لە ملی ئەدەم'. بەڵام بە داخەوە نە رۆژنامەنوسەکە و نە کەناڵەکە نەیانتوانی چارەسەری میدیایی بکەن."
- ئەو شەوەی **"داعش"** قەزای **(مەخمور)**ی کۆنترۆڵکرد، بەشێکی هۆکاری **دابەزینی ورە** و **مەعنەوییاتی دانیشتوانی شاری هەولێر** و بڵاوکردنەوەی ترس و هەوڵی چۆڵکردنی شارەکە، هەواڵی بە پەلەی **هەندێ سایت**، و **(فەیسبوک)** و **پۆست و کۆمێنتە تۆقێنەر و نابەرپرسەکان** بون.
- لە کەناڵێکی ئاسمانییەوە، بە **گرافیک** و **نەخشە**، چۆنێتیی **چونی هێزی پێشمەرگە** بۆ شاری **(کۆبانێ)** پیشاندرا.
- لەو ماوەیەدا لە میدیاکاندا (بە تایبەت لە تیڤی و سۆشیاڵ میدیادا)، بەردەوام خوێنەر و بیسەر و بینەری کۆمەڵێ **زانیاریی نهێنی و هەواڵگریی جەنگ** و **وێنە** و **ڤیدیۆی پێشمەرگە** بوین لە بەرەکانی شەڕدا: جۆری چەکی پێشمەرگە، ژمارەی پێشمەرگە، ناو و ژمارەی یەکەی سەربازی، ناوی بەرپرسی یەکەمی هێزەکە، پیشاندانی شوێنی جێگیربونی هێزەکە، یەکخستنی بنکەی فەرماندەیی شەڕگەکە، سەعاتی سفری هێرشکردن، قوڵ و ئاراستەی هێرشەکە و ئامانج لە هێرشەکە...تاد.

**دەرەنجام**

پاش پێشکەشکردنی چەند تەوەرێک دەربارەی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن، بەرپرسیارێتیی ئێتیکیی راگەیاندن، تەنگژە و رەچاوکردنی بەرپرسیارێتی لە تەنگژەکاندا، و پاشان باسکردنی ئاماژەکانی نابەرپرسیارێتییەکە لە رێگەی خستنەڕوی چەند نمونەیەکەوە، لێرەدا گرنگترین دەرەنجامەکانی باسەکە نمایشدەکەین:

1. هەوڵدانی راگەیاندنی کوردی لە ماوەی تەنگژەی **"داعش"**دا بۆ **بەحزبیکردن و بەکەسیکردنی سیمبوڵی نەتەوەیی و نیشتمانی** (پێشمەرگە) و زەقکردنەوەی **ناکۆکییەکانی ناوخۆ**.

2. نەبونی **راگەیاندنی تایبەتمەندی جەنگ**، و **پەیامنێر** و **میدیاکاری** ئەو بوارە.

**3. بێپلانی** و **نەشارەزایی** راگەیاندنی کوردی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی شەڕ و تەنگژەکەدا، تێکەڵبونی بەو **نارێکی** و **بێپلانی**یەی راگەیاندنی حکومەت، بە تایبەت وەزارەتی پێشمەرگە و **لێدوانی نابەرپرسانە** و **فرەلێدوانی**.

**4. پێشدەستی (سەبق)ی رۆژنامەنوسی** کراوەتە پاساوی رەچاونەکردنی **بەرپرسیارێتی**.

5. کەوتنەژێر کاریگەریی پەیام و وێنە و ڤیدیۆکانی رێکخراوی **"داعش"** و دوبارە پەخشکردنەوەیان، کە رێخۆشکەرن بۆ **تاوان، تیرۆر، توندڕەوی،** و **توندوتیژی**. بە مانایەکی دیکە، **رێکلامکردن** بۆ رێکخراوەکە، و دابەزاندنی ورەی پێشمەرگە و جەماوەر.

6. کەوتنەژێر کاریگەیی **جەنگی دەرونیی "داعش"**ەوە.

7. کەوتنەژێر کاریگەیی **پرۆپاگەندە** و **واتەوات**ەکانی ئەو رێکخراوە.

8. بەکارهێنانی نائێتیکییانەی **زاراوە** و **دەستەواژەکان**.

9. دروستکردنی **هزرەوێنە** (الصورة الذهنية)ی **نابەرپرسانە** لای تاک.

10. هەڵەتێگەیشتن لە چەمک و واتای **بابەتیبون، هاوسەنگی، بێلایەنی**.

11. هەڵەتێگەیشتن لە چەمک و واتای **راستی و دروستی**. بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵ و زانیاری کە خزمەت بو بە سیاسەت و ستراتیژی **"داعش"** و **توندڕەوی** و هزری **توندوتیژی**.

12. ئاشکراکردنی **پلانی سەربازی** و **زانیاریی نهێنیی هەواڵگری**، وەکو **ژمارەی هێزی پێشمەرگە** و جۆر و ژمارەی **چەک** و **جبەخانە** و پێداویستیی سەربازی. پەخشکردنی **وێنەی بەرەکانی شەڕ** و

**سەنگەرەکانی پێشمەرگە**، وێنەی ساتەوەختی **ئێشکگری**، جۆری خواردن و جلوبەرگ و ... تاد، و **کاریگەریی نەرێنی** لەسەر **ئاسایشی نەتەوەیی** و **نیشتمانی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی**.

**13. ئاشکراکردنی شوێنی نهێنی** و **پەناگەی** سەرگەردان و **ئاوارەکانی دەستی "داعش"**.

14. دەرچونی هەندێ کەناڵی راگەیاندن و هەندێ میدیاکار لە بۆتەی پیشەکەی خۆیان، و چەکلەشانکردن و خۆنمایشکردنیان وەک پێشمەرگە. یان لەلایەکیترەوە، ئەنجامدانی **مامەڵەی نامرۆییانە** لەگەڵ **تەرمی چەکدارانی "داعش"**.

**راسپاردە**

بە سودوەرگرتن لە **ئاماژە** و **هۆکار**ەکانی رەچاونەکردنی بەرپرسیارێتیی ئێتیکی میدیای کوردی لە دۆخی تەنگژەی **"داعش"**، و ئەو **دەرەنجام**انەی لەم پەیپەرەدا پێی گەیشتوین، لێرەدا چەند راسپاردەیەک بۆ راگەیاندنی کوردی و پارلەمان و حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندداڕەکانی تر پێشکەشدەکەین:

1. دەربازکردنی راگەیاندنی کوردی **لە تەنگژە**، و چارەسەرکردنی **گرفت** و **کەموکوڕی**یەکانی. بونی **ستراتیژ** و **تێڕوانینێکی لۆژیکییانەی سەردەم** لەلایەن میدیای کوردییەوە بۆ ژیان و دەوروبەر و تەنانەت فەلسەفەی بونی خۆیشی. تێگەیشتن لە مانای راستینەی، و رۆڵ و کاریگەرێتیی لە کۆمەڵدا.

2. هەوڵدان بۆ دروستکردنی **میدیایەکی بەرپرسیاری نیشتمانی**.

3. هەنگاونان بەرەو **پرۆفێشناڵێتی** و بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و ناسەوانی **(مەعریفی)**، و **هۆشیاریی پیشەیی** میدیاکار.

4. دروستکردنی **میدیای تایبەتمەندی جەنگ**، و **میدیاکار**ی ئەو بوارە.

5. رەچاوکردنی بنەماکانی **ئێتیکی پیشەی راگەیاندن**، و هۆشیاری بەرامبەر چەمک و واتاکانیان.

6. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی **ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن** لەسەر بنەمای (پاراستنی مافی میدیاکار، مافی وەرگر).

7. هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی **پەیماننامەیەکی شەرەفی رۆژنامەنوسی**، کە لانیکەم زۆرینەی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لەسەری کۆک بن.

8. لەبەرچاوگرتنی **ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی، سیستمی گشتی،** ئاشتیی **کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیی گشتی، بەرپرسیارێتیی هاوبەش، هاونیشتمانیبون، و یەکگوتاری**.

9. خۆدەربازکردن لە کاریگەریی نەرێنیی **ئایدۆلۆژی** و **سیاسی** و **حزبی**، و شکاندنی **ئاستەنگی**: سیاسی، ئابوری و دارایی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، کەلتوری... تاد.

10. کاراکردنی **پارلەمان** و **حکومەت** و **داواکاری گشتی** و **دامودەزگا رەسمییەکان** لە کارکردن بە دەقە یاساییەکان.

11. پلان و خۆرێکخستنەوەی **راگەیاندنی حکومەت**، بە تایبەت وەزارەتی پێشمەرگە، و دورکەوتنەوە لە **لێدوانی نابەرپرسانە** و **فرەلێدوانی**. هەروا خستنەگەڕی هەڵمەتی بەردەوامی هۆشیاری لە رێی ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندنەوە.

**<u>دو سەرنجی پێویست:</u>**

1. ئەم بابەتە پوختەی توێژینەوەیەکی زانستییە، کە توێژەر بە وردەکاریی زیاتر و بە زمانی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە. بۆ نوسین و ئامادەکردنیشی، سود لە چەند سەرچاوەیەکی زانستی وەرگیراوە.

2. بە شێوەی سیمینار و لە کۆنفرانسی (راگەیاندن و داعش) لە (2015/6/19 سلێمانی- هۆتێل پەرێژ) پێشکەشکراوە، کە لەلایەن رێکخراوی مەشق و وەزارەتی پێشمەرگەوە رێکخرابو.

**(هـ. ر.)**